سەرۆک وەزیران لە زیقار یەکەم بینای قوتابخانەکان لەچوارچێوەی پڕۆژەی هاوکاتی عێراق و چیندا دەکاتەوە



ئەمڕۆ دووشەممە، محەمەد شیاع سودانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، یەکەم بینای قوتابخانەکانی لەچوارچێوەی پڕۆژەی هاوکاتی عێراق و چین کردەوە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لە ڕاگەیندراوێکدا بڵاویکردەوە: محەمەد شیاع سودانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران یەکەم بینای قوتابخانەی نمونەیی لە چوارچێوەی پڕۆژەی هاوکاتی عێراقی و چین لە گەڕەکی سومەر لە شاری ناسریە کردەوە.

هەروەها وتی" سودانی تەواوکردنی بینای قوتابخانەکە پیرۆزبایکرد، کەلەە 12 هۆڵی خوێندن پێکهاتووە، هەروەها بڕدوامبوونی پڕۆژەی قوتابخانەکە، کە 106 بینای قوتابخانە لە پارێزگای زیقار لەخۆدەگرێت، لەکەی هەزار بینای قوتابخانە لە سەرتاسەری عێراق.

سەرۆک وەزیران ستایشی "کوالیتی ئاستی بڕزی جێبەجێکردنی کرد، جەختی لەوە کردەوە کەپڕۆژەی قوتابخانەکان وەکو بەشێکی گرنگن لە هەوڵەکانی حکومەت بۆ پاپشتیکردنی کەرتی پەروەردە، بۆ تەواوکردنی ژێرخانی پێویست، بۆ ئەدای بڕز و لە چوارچێوەی کات و خشتەی دیاریکراودا.